بەڕێوەبەرایەتی حەج و عومرەی هەرێم وادەی مامەڵە و وەرگرتنی تێچووی حەجی درێژکردەوە

وادەی مامەڵە و وەرگرتنی تێچووی حەج درێژکرایەوە و بەڕێوەبەرایەتیی حەج و عومرە دەڵێت، هەر کەس لە وادەی دیاریکراودا سەردانیان نەکات بێبەش دەبێت.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی حەج و عومرە لە راگەیەندراوێکدا ئاگاداری سەرجەم ئەو هاوڵاتییانە دەکاتەوە کە ناویان بۆ پرۆسەی حەجی ئەمساڵ 2024 دەرچووە، وادەی تەواوکردنی مامەڵەکان و وەرگرتنی تێچووی حەج تا رۆژی پێنجشەممە 22ی شوبات درێژدەکرێتەوە.

دەشڵێت، لە دوای ئەو رێکەوتەوە بەهیچ شێوەیەک وادەی تەواوکردنی مامەڵەکان و وەرگرتنی تێچووی حەج درێژناکرێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتییەکە روونیشیدەکاتەوە، هەر کەسێک لە ماوەی دیاریکراودا سەردانی نووسینگەکانی حەج و عومرەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی سەر بە بەرێوەبەرایەتیی گشتییان نەکات بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانی و پێدانی تێچووی حەج، ناوی یەدەگ لە شوێنی دادەنرێت و مافی بەشداریکردنی لە پرۆسەی

ح□ج نا م□ن□ت.